ئازاری چاوەڕوانی و گاڵتەجاڕی گاڵتەپێکراو

هۆمەر محەمەد

کەسوکاری ئەنفالکراوان هەتا ئێستاش بەگشتی لە بارێکی دەروونی خراپدان، سەدان گرێی دەروونیان بۆ پەیدا بووە و کۆمەڵگە و دەزگا حکومییەکان باکیان پێی نییە. "دەنگ و ڕەنگ و بۆن" یەکێکن لەو توخمانەی یادەوەری تاڵ و شیرین لای کەسی قوربانی بەجێدێڵن. ڕەنگی بوخچەکەی مریەم و فریا و ڕەشپۆشیان، پشتێنی گوڵگوڵی ئەو پیاوانەی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دۆزرانەوە، ئاە و گریانی منداڵانی گەرمیان لە ملەسورەوە بۆ قۆرەتوو، هۆرەی ئەو پیرەمێردەی لە کاتی گواستنەوەیاندا هێشتا لە گوێی خەڵکی گوندی کەلاری کۆندا دەزرنگێتەوە. هەموو ئەمانە کەرەستەی فیلم و شاکاری ئەدەبین و کەس نییە بیانگێڕێتەوە. ڕەنگە تەنها چیرۆکی ئەو دایکەی ٣٦ ساڵە خەیار ناکڕێت و نایخوات، لە بەرئەوەی منداڵەکەی لە دوبز لە سەرەمەرگدا داوای خەیاری کردووە و دواتر دیوێتی تاکێک نەعلی سەوزی بە تامی خەیار خستووەتە دەمییەوە، یان ئەو دایکەی ٣٦ ساڵە ئاوی سارد بە گەروویدا نەچووەتە خوارەوە لە بەرئەوەی منداڵەکەی لە نوگرەسەلمان لە تینووا خنکا و لە سەرەمەرگدا داوای سەهۆڵی کردووە؛ هەموو ئەمانە بەسن بۆ هەڵوەستەیەکی مرۆڤانە بەرانبەریان. ئەمانە و دەیان و سەدان نموونەی تر، مەلا ڕەحیمی سەرقەڵا هەتا لەژیاندا مابوو، نەک تەماتەی نەخوارد بەڵکوو هیچ خوادنێک بەگەرویدا نەچووە خوارەوە کە ڕەنگی سوور بووبێت، چونکە بیستبووی منداڵێک لە سەرەمەرگدا داوای تەماتەی کردووە و دەستیان نەکەوتووە.

جگە لەو توخمانە یەکێک لە دۆخە مەترسیدارەکانی دوای ئەنفال، کە بارێکی دەروونی ناجێگیری بۆ کەسوکاری بێسەروشوێنکراوەکان خوڵقاندبوو. ئەوەش چاوەڕوانی بوو، کورد دەڵێت: "بێ چاوی لە چاوەڕوانی ناخۆشترە" هەرچەندە ئاماژەکانی مردن و نەمانیان زەق بە بەرچاوانەوە بوو. بەڵام بەعسییەکان بە پلان زوو زوو پروپاگەندەیان بڵاودەکردەوە کە گوایە ئەنفالکراوەکان ماون. لەم بارەیەوە میدل ئیست ووچ نووسیویێتی: "باس و خواسی تیمەکانی گولەبارانکردن زۆر باش دەزانرا و بەردەوام دووپات دەبووەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە (مەبەستی کۆمەڵگە زۆرەملێکانە) پیس و چەپەڵەکانی نیشتەجێی ئەو کوردانە هێشتا هەر واتەواتی ئەوەیان تێدا بوو کە گوایە ئەنفالکراوەکان ماون و لە بیابان لە زیندانی نهێنیدا وەك بارمتە گلدراونەتەوە بۆ دانووستانی دوارۆژ لە نێوان ڕژێم و پێشمەرگەدا، یان براون بۆ وڵاتانی تری وەك سوودان، یەمەن یان ئوردن، لەوێ کراون بە کۆیلە و کاریان پێ دەکەن."

ئەم پڕوپاگەندانەی دەوڵەتی عێراقی بێ مەبەست نەبوو، بەڵکوو سیاسەتێک بوو، بۆ نائارامی و تێکشکاندنی ئەوانەی وا لە ئەنفال ڕزگاریان ببوو. ئەمەش زەمینەی بۆ هەندێک کەسی هەلپەرستیش خۆش کردبوو، کە ڕەنگە بەعسیش نەبووبن. بەڵام لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی و دەستکەوتێکی زۆر کەمدا زوو ئاو بکەنەوە ناو ئاشی بەعس و ڕەفتاری بەعسییانە بنوێنن و ئەو خەڵکە ماندووە بوروژێنن. بۆ نموونە، هەندێک لە سایەق جێب-ەکانی ناو کۆمەڵگەی زۆرەملێی صمود/ڕزگاری، زوو ئەم پروپاگەندەیان بڵاودەکردەوە و دەیانگوت: "ئەنفالەکان هاتنەوە"، ئیتر بە جارێک ئەو کۆمەڵگەیە دەوروژا و جێب-ەکانیش دەکەوتنە فڕکان فڕکانی گواستنەوەی خەڵک بۆ مەرکەزی ناحیەکە و لەوێش خەڵک بەر جنێو و سوکایەتی بەعسییەکان

دەکەوتن و بە دڵشکاوی و هەناسەساردی و نائومێدییەوە دەگەڕانەوە. ئەمە زۆر جار گاڵتەجاڕێکی ڕەفتار بەعسیی هەر بۆ ڕابواردن و گاڵتەپێکردن بەو خەڵکە یان سایەق جێب-ێک .لەبەر خاتری بڕە پارەیەک زەمینەی ئەم سووکایەتی پێکردنەی دەسازاند

زوو بڵاویان دەکردەوە "ئەنفالەکان هاتنەوە"، ماوەی شەش مانگێک دوای تەواوبوونی پڕۆسە سەربازییەکانی ئەنفال، هەندێک لە پیرەمێرد و پیرەژنی ئەنفالکراو لە نوگرەسەلمانەوە بەهیلاکەتی دەگەڕانەوە. ئیدی دەنگۆی "ئەنفالەکان هاتنەوە" وەک ئاگر لە پووش بەردەی بەخێرایی بە کۆمەڵگەکەدا بڵاو دەبووەوە و هێندەی تر ئاگری چاوەڕوانییەکەی بۆ سووتاندنی ئەو خەڵکە بەتین تر دەکردوو زیاتر خەڵکی خستبووە بارێکی دەروونییەوە. ئەگەرچی ئەو چاوەڕوانییە بە ئازار بوو، بەڵام هەڵگری تۆوی ئومێدێکیش بوو، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە .ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ زانیبوویان ئەنفالکراوەکان نەماون

یەکێک لەوانە عوزێری دەربازبووی کۆمەڵکوژییەکەی بیابانی ڕومادی بوو، جارێک بە میوانی هاتبوو بۆماڵمان لە ناو دەنگوباسی چاوەڕوانی و پڕوپاگەندەی بەعسییەکان و یاریکردن بەهەستیان؛ پێی گوتم من کە بە چاوی خۆم کۆمەڵکوژییەکەم دیبوو بۆ خۆم بە برینداری ڕزگارم ببوو و خۆم شاردبووە و نەمدەتوانی خۆم دەربخەم، دەمگوت بەڵکو هەواڵەکە ڕاست بێت و هەموویان نەکوژرابن یان خەڵکێک هەبێت وەک من ڕزگاری بووبێت، کەچی هەر خۆشم بە خۆمم دەگوت کوڕە باڵێ کەس هەیە لەدەستی ئەو بەعسییانە ڕزگاری بێت بتوانێ خۆی .ئاشکرا بکات

کاتێکیش حاجی فەرەجی گوندی تۆپخانەش میوانم بوو، ئەویش لە گۆڕێکی بەکۆمەڵی بیابانی ڕومادی ڕزگاری ببوو، بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەکانی عوزێر گوتی: بەخوا ڕۆژێکی ڕەش بوو، کێ دەیوێرا قسەبکات، بڕوا بفەرموو من بە ماڵ و منداڵەکەی خۆمیشم نەگوتبوو، لە فرۆکەخانەی تورکیا بە ژنەکەمم گوت شتێکی ئاوام لێ بەسەرهاتووە، ئەویش بۆیە گوتم چونکە هەر دەی پرسی بۆچی ئێمە دەبەن بۆ ئەمریکا.

ڕەشید-یش شوانێکی خەڵکی گوندی چرچەقەڵای بنار شاخی زەردەیە، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ "میدل ئیست ووچ" دا دەڵێت: ئەفسەرێکی دڵنەرمی مەسیحی نهێنی کوشتنی ئەنفالکراوەکانی بۆ ئاشکرا کردم، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە بەو خەڵکە بڵێت بەو پڕوپاگەندانە بڕوا مەکەن و کەسیان نەماون. لەبارەی ڕەشید-ەوە میدل ئیست ووچ نووسیویێتی: "ڕەشید توانی لە دەست ئەنفال ڕزگاری بێت لەبەرئەوەی بە شوێن ئاژەڵ و ماڵاتەکەیەوە بوو، بەسەر جادەی سەرەکیدا لە نێو هێزەکانەوە دەرچوو. بەڵام دایکی و خوشکێکی دە ساڵانەی و برایەکی شەش ساڵانەی و دوو پووری لەدەست دا. دواجار خۆشی کێش کرایە ڕیزی هەمان ئەو سوپایەی کەوا خێزان و کەسوکارەکەی گرتبوو. ئەفسەرێکی مەسیحیی بەزەیی دڵی بە ڕەشید سووتا بوو، بە ئاشکرا پێی گوتبوو کە چیتر بیر لە کەسوکاری نەکاتەوە. هەموو خەڵکی ئەنفال بە بلدۆزەر کراونەتە ژێر خاکەوە."

هەر ئەو کاتە سووکایەتیکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست، هەستی منداڵێکی ئەو ئۆردوگایە دەجووڵێنێت. ئێستاش پیاوێکی کامڵ وخوێندەوارە و لە زانکۆی گەرمیان پڕۆفیسۆری یاریدەدەرە، ڕووداوەکان لە یادەوەریەکانیدا وەک ئازارێک ماوەتەوە، ئەو پیاوە

"یاسین ئاشوور"ە. ئەو هێشتا خوێندکاری زانکۆ بوو، لە ژمارە ٦ی گۆڤاری ئەنفالستان-دا لە وتارێکی بە ناونیشانی "وردە بەعسییەکان و جێب-ەکانی هەشتا و هەشت" نووسیوێتی:

هەر کە ئەو هەواڵە بڵاو دەبووەوە دەیان گوت 'ئەنفالەکان هاتنەوە' ئەو ئۆردوگایە وەك " شێخێك حاڵبیگرێ دەلەرزی و دەهەژا، وەك سوپایەك چۆن شکست بخوات و سەری لێ تیکچێت ئەو خەڵکە ئاوا بەناو یەکدا دەهاتن و دەچوون. هەمووان بەرەو مەرکەزی پۆلیسەکە هڕیان دەکرد. بەختەوەر ئەو کەسە بوو، خزمێکی لەناو ئازاد بووەکاندا ببینێتەوە. چەند کەسێکی کەم شاد دەبوون و دونیایەکیش بە دڵشکاوی و چاوەڕوانییەکی درێژترەوە دەگەڕانەوە. ئەو سەردەمە سەردەمی شین و گریانی بەکۆمەڵ بوو، گەرەك نەبوو، ماڵ نەبوو گریانی تێدا نەبێت. پێناچێت هیچ شتێك بتوانێت ئاوەها گریانی بەکۆمەڵ دروست بکات. ئەنفال گریانی دەستەجەمعی ئەو خەڵکە بوو. بەم شێوەیە هەرجارە و شەش حەوتێک لە ئەنفالکراوەکان دەهاتنەوە. ئەمەش هەر ماوەیەك بوو. بەڵام ئیتر هەواڵی هاتنەوەی ئەنفال نەما و بچووکترین هەواڵێکیش گەرچی سەد لە سەد درۆش بوایە و بگەیشتایەتە ئەو خەڵکە بە هەڵەداوان دەگەیشتنە لای مەرکەزەکە. ئەم حاڵەتە پڕ نائومێدیە لەلایەن کۆمەڵێك سایق جێب-ەکانەوە دەقۆزرایەوە. ئەو کاتەی ئیشیان رووی لە کزی دەکرد بە درۆ هەواڵی هاتنەوەی ئەنفالەکانیان بڵاودەکردەوە. ئاوەها ئیشی خۆیان مسۆگەر دەکرد. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە جیب بەردەست نەدەکەوت. مرۆڤ ئاوەهایە بە دەگمەن دەتوانێت بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بخاتە لاوە ئەگەرچی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکەی لەسەر حیسابی خەڵکی تر بێت. ئەو کاتە ئەو سایق جێب-انە یاریان بەهەست و شعوری ئەو خەڵکە دەکرد. باشیش دەیانزانی

بڵاوکردنەوەی هەواڵی هاتنەوەی ئەنفالەکان بازاڕیان گەرم دەکات، ئەو خەڵکەش چاری نەبوو تەنها باوەڕکردن نەبێت، کە ئاوبردیتی دەست بۆ پۆشی سەر ئاویش دەبەیت، ناچار بوون بەدەم ئەو هەواڵانەوە بچن."

نووسراوێکی دەوڵەتی عێراقی، ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە بەعسییەکانیش لە پشت ئەم سیناریۆی چاوەڕوانی و گاڵتەجارییەوە بوون، لەم بارەیەوە بەڵگەیەکی دەقی هەیە کە لە ٢٥ی ئەیلولی ١٩٩٠ دەرچووەوە داوا دەکات کە کەسوکاری ئەنفالکراوان و ئەو خەڵکە لە چاوەڕوانیدا بهێڵنەوە. لە نووسراوەکەدا هاتووە:

بەڕێز بەڕێوەبەر

سڵاو و ڕێز

لە ١٩٩٠/٩/٢٥ بەڕێوەبەری بەڕێز فەرمانی ئەم ڕێنماییەی دا :

لە بری دەستەواژەی "لە پرۆسەکانی ئەنفالی قارەمانانەدا گیراون و هەتا ئێستا دەستبەسەرن" دەستەواژەی "هیچ زانیارییەکمان دەربارەی چارەنووسیان لا نییە" بەکار بێنن.

بۆ ئەوەی بتوانین بە وردی مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا بکەین.

لە کۆنگرەی مانگانەدا پێشنیارکراوە.

ن/ امن ضابط الامن من. ن. ر.

١٩٩٠/١٠/١٨

لەم بارەیەوە، قسەکانی یاسین ئاشوور-یش ئەم نووسراوە و بۆچوونەکانی سەرەوەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە، کاتێک نووسیویێتی: هەندێك جار نەك ئەو سایق جێب-انە بەڵکو بەعسییەکان/حیزبییەکان خۆیان ئەو کارەیان دەکرد. زۆرجار بۆئەوەی بەردەم مەرکەزەکە قەرەباڵغ بێت و ئەوانیش لەزەت لە دەسەڵاتی خۆیان وەربگرن ئاوەهایان دەکرد. شانازیکردن بەو دەسەڵاتە نەخۆشەی کە تەواوی ویژادانیانی کوشتبوو. خڕکردنەوەی ئەو حەشامەتە بەحەسرەتەی، کە هەموو گیانی ئەکردە گوێ بۆیان "بەڵکو خوایە هەواڵێکیان پێ بێت" بەڵام، نا، بەو سەروسیما بەعسییانەوە دەهاتنە پێشەوە و بە ڕەفتاری بەعسییانەی خۆیان بە جوێندان و قسەی سوک ئەو خەڵکەیان ئەوەندەی دیکە بێ ئومێد دەکرد.

کارەساتی گەورەی کۆمەڵگەی زۆرەملێ بە تەنها ئەوە نییە، کە دەسەڵات و دەوڵەتدار دڵڕەق و ستەمکار بن، بەڵکو لەوە گەورەتر ئەوەیە تاک و کۆمەڵگەی دوای-جەنگ و جینۆساید لە مرۆڤبوون بخەن و خاوەن برێکی زۆری هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نەبن و ئازار و ژان لەگەڵ قوربانیان و کەسوکاری شەهیدەکان بەش نەکەن و دەستیان نەگرن هەستنەوە سەر پێ.

وەنەبێت هەر لە سەردەمی بەعسییەکاندا، بگرە لەدوای ڕاپەڕین و لەسەردەمی دەسەڵاتداری کوردی-شدا نموونەی ئەم سایەق جێب-انە زۆر بوون بە بێ هەستی و بێ مۆڕاڵی لەگەڵ کەسوکاری قوربانیاندا جووڵاونەتەوە. یەکێک لە برای یەکێک لەو ژنانەی ناوی لە بەڵگەنامەیەکی موخابەراتی کەرکووک-دا هاتووە کە دەڵێت ژنانی کورد بە نادییەکانی شەوانەی میسر فرۆشراون، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بۆی گێڕامەوە و گوتی: ئازاری خۆمان

بەخۆمانەوەیە و لە ملی هەمووواندا نییە، خەڵک لە بچووکترین ناکۆکی بیروڕاماندا لەکاتی دەمەقاڵێیەکدا پێی گوتووم "عارەب لە میسر سواری خوشکەکەت دەبێ و تۆش دیفاع لە عەرەب دەکەی؟" ئەو دەسەڵاتەی نەتوانێت یاسایەک بۆ سزادانی ئەم جۆرە کەسانە دابنێ، ئەمرۆش نەبێت دیکتاتۆری سبەینێیە.

تێبینی

قەزای کەلار و گوندەکانی، دوای ئەنفالیش کۆمەڵگای صمود (ڕزگاری ئێستا) گواستنەوەیان جۆرە ئۆتۆمبیلێکی (جێبی) ڕووسی بوو، لە شێوەی ئۆتۆمبیلی (وازی) سەربازی بوو. مەگەر بەدەگمەن دەنا سەیارەی تری تێدا نەبوو، ئامرازی گواستنەوەیان هەر ئەوانە بوون. بەجۆرێک ئەو جۆرە جێب-انە بوونەتە شوناسی کەلار.

سەرچاوەکان


- میدل ئیست ووچ، پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، چاپی دووەم ٢٠٠٤، خانەی وەرگێڕان، وەرگێرانی: محەمەد حمەساڵح توفیق .
- یاسین ئاشوور، وردە بەعسیەکان و جێبەکانی هەشتا و هەشت، گۆڤاری ئەنفالستان، ژمارە ٦، لاپەرە ٤٨، ٢٠٠٩.
- گۆڤاری ئەنفالستان، ژمارە ١١-١٢، لاپەرە ٣١.

- دیدار لەگەڵ عەزیز محەمەد وەهاب، ناسراو بە عوزێر شەی. ٨/٧ ی ئابی ٢٠٢٢، سلێمانی کاتژمێر ٩ی شەو.

السيد المدير المحترم

م/ تقرير

بتاريخ ٢٥/١٠/١٩٩٠ أمر السيد المدير المحترم بالتوصية الآتي :-

تكون عبارة ( لم تتوفر لدينا معلومات عن مصيرهم )

بدلاً عن عبارة ( وقبض عليهم في عمليات الأنفال البطولية ولا زالوا محجوزين حالياً ) .

لغرض أن تكون دقيقين في التعامل مع هكذا حالة .

طرحت في الدوائر

الشعبة

١٩٩٠/١١/١٨